**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگـە(1) ی ماددەی (56) لـە یاسای ژمارە (1) ی سالّی (1992) ی، هەموار کراوو، لـە سەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (23)ی رۆژی (2006/12/19) ی خۆیدا، بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یاسای ژمارە( 18 )ی ساڵی / 2006
## یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن
## لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە واتا دیاریکراوەکانی بەرامبەریانە بۆ پێداویستی ئەم یاسایە:–

**یەکەم / هەرێم** : هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**دووەم / ئەنجومەنی وەزیران** : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**سێیەم / وەزارەت** : وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

**چوارەم / وەزیر** : وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

**پێنجەم / بریکار** : بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

### - ئەرکو فرمانی وەزارەت -

**ماددەی دووەم :**

وەزارەت ئەم ئەرکوفەرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:–

**یەکەم:** پێشنیارکردنی پلانە گشتیەکان بۆ سیاسەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەرێم لە بوارەکانی نیشتەجێکردن و خانووبەرە و ڕێگەوبان لەوانەش (ڕێگەی هاتوچۆی خێرا)و پرد و تونێل و فرگە و هێلی ئاسنی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێیی و دروست کردنی تۆڕی ڕێگەوبانی نوێ بە هەموو جۆرەکانی و پاشکۆکانییەوە.

**دووەم:** هەڵستان بە توێژینەوەی تایبەت لە ناو بواری کەرتی وەزارەتدا و لێکۆڵینەوە لە جەدوای تەکنیکی و ئابوری ئەو پرۆژانەی کە لەناو پلانی وەزارەتدا پێشنیاز دەکرێن.

**سێیەم:** دنانی نەخشە و بەرنامەی کار بۆ پلانە پەسندکراوەکانی ئەو پڕۆژانەی کە دراونەتە دەست و وێرای جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەش کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنێکی

ڕاستەوخۆ لەلایەن پێکهاتەکانی وەزارەتەوە یان ئەوەتا بۆ بەلێندەر یان ڕاوێژپێکراوەکان ڕەوانە بکرێن.

**چوارەم:** بەشداری لە ئامادەکاری خەسلەتە تەکنیکیەکاندا بە پێی بارودۆخی هەرێم.

**پێنجەم:** جێبەجێکردنی سیاسەتی بڕیارلەسەردراوی وەزارەت و پێشنیازکردنی پلانی (سالانە و قۆناغبەندی و دوورخایەن)ی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان.

**شەشەم:** جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی لەلایەنانی دیەوە لە ڕێگەی پێکهاتەکانی جێبەجێکردن و نەخشەسازی وەزارەتەوە یان لە ڕێگەی کۆمپانیا تایبەتمەندیەکان لە کەرتی تایبەتدا پێی سپێردراوە.

**حەوتەم:** هەلستان بە پاراستنی ڕێگەوبانەگشتیەکان لەوانەش ڕێگەکانی هاتوچۆی خێرا کە دەکەونە دەرەوەی سنوری شارەوانیەکان و پاراستنی و بەگەڕخستنی پردەکان و ویستگە تەوەرییەکانی قەپان و بازگەکان وێرای دانانی کەلوپەلەکانیان و پارێزگاریش لە ڕۆخوچۆنی ڕێگەوبان بە پێی یاسای ڕۆخوچانە قەدەغەکراوی(محرمات) ڕێگەوبانەکان.

**هەشتەم:** هەلستان بە تاوتوێکردن و هەلسەنگاندنی پلانە تایبەتەکانی وەبەرهێنەران سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێکردن لە هەرێم لە نێو تایبەتمەندێتی وەزارەتدا.

**نۆیەم:** بایەخدان بە پەرەپێدان و ئاوەدان کردنەوەی دێهاتەکانی کوردستان .

## - پێکهاتەکانی وەزارەت -

**ماددەی سێیەم :**

وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت :

**یەکەم ـ وەزیر:** خۆی سەرۆکی بالای وەزارەتەو بەرپرسیشە لەکارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتکاری و چاودێری بە سەرییەوە، بەپێی حوکمەکانی یاساش هەموو ئەو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانەی لە هەرشتێکدا کە پەیوەندیدار بێت بە ئەرکوفەرمانی وەزارەت و پێکهاتەو دەسترۆییەکانی و سەرجەم کاروبارە تەکنیکی و دارایی و کارگێری و ڕێکخستنەکانیەوە، لەوەوە دەردەچن و بە سەرپەرشتی خۆشی جێبەجێدەکرێن، بەرپرسیاریش دەبێ لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران، بەو پێییەی ئەندامێکی هاوکارە تیایدا و بۆی هەیە هەندێك لە دەسترۆییەکانی خۆی بدات بە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوەبەرەگشتیەکان یانیش ئەوەی بە شیاوی بزانێ لە وەزارەتدا.

**دووەم ـ**

**1-** بریکاری وەزارەت بۆ ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.

**2-** بریکاری وەزارەت بۆ ڕێگەو بان.

لە ئاراستە کردن و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی وەزارەتدا یاریدەی وەزیر دەدەن لەچوارچێوەی تایبەتکاری و ئەو دەستڕۆییانەی کە وەزیر پێیان دەسپێرێ بە مەرجێ بڕوانامەی سەرەتای زانکۆو پسپۆڕیان بەدەستهێنابێ.

**سێیەم ـ نوسینگەی وەزیر:** کارمەندێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا وبەڕێوەی دەبات کە خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت وژمارەیەك لە کارمەندانیش هاوکاری دەکەن.

**چوارەم ـ** نوسینگەی بریکاری وەزارەت: کارمەندێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا وبەڕێوەی دەبات کە خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت وژمارەیەك لە کارمەندانیش هاوکاری دەکەن.

**پێنجەم ـ** ڕاوێژکاران: ژمارەیان نابێ لە چوار زێتر بێت ودەبێ لە هەڵگرانی بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بن ولە شارەزایانیش بن ونابێ ماوەی کارکردنیان لە دەساڵ کەمتر بێت.

**شەشەم ـ** بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاروباری کارگێری ودارایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکا کە بڕوانامەیەکی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنابێ وشارەزا بێ وماوەی کارکردنی لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**حەوتەم ـ** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەکنیکی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکا کە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بە دەست هێنابێ وشارەزابێ وماوەی کارکردنی لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**هەشتەم ـ** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگە وبان وئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێکردن لە پارێزگاکانی هەرێم دا هەریەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکا وبەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی پسپۆڕی سەرەتای زانکۆی بەدەست هێنابێ و شارەزاش بێ و سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی نیشتەجێکردن وخانووبەرەو ڕێگەوبانەکان دەکا لە پارێزگاداو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڕێگەوبان وئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە سنوری هەر پارێزگایەك لەو پارێزگایانەش پێوە دەبەسترێتەوە.

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم ـ** وەزارەتێك ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دەبێ کە پێك دێت لـە:-

1. وەزیر/ بەسەرۆك.
2. بریکاری وەزیر/ بەئەندام لـەکاتی دیار نەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکا.
3. ڕاوێژکارانی وەزارەت/ ئەندامن.
4. بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت/ ئەندامن.
5. هەرشارەزایەکی پسپۆر لـە ناوەوەی وەزارەت ودەرەوەیدا وەزیر بە شایستەی بزانێ دایدەنێ.

**دووەم ـ** ئەنجومەن پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری وڕاسپاردەکانی بۆ وەزیر دەگرێتە ئەستۆ ئەگەر پەسندیکرد ئەوا دەبێتە بڕیاری وەزاری.

**ماددەی پێنجەم :**

**یەکەم ـ** بە پێڕەو ئەرك وفرمان وتایبەتکاری وپێکهاتەکانی وەزارەت دیار دەکرێن.

**دووەم ـ** وەزیر بۆی هەیە بە پێی پێداویستیەکانی کارەکەی لـە کاتی پێویست هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یان بەش یان هۆبەك بکاتەوە یان یەکیانبخات یان هەڵیانوەشێنێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لـەگەڵ کەسانی سروشتی وياسايى لـە شارەزایانی پسپۆر لـە ناوەوەی هەرێم یان لـە دەرەوەیدا بۆ ئەنجام دانی ئەو ئەرك وفەرمانانەی کە پێیان دەسپێردرێ بۆ ئەو ماوەیەی کە بە گونجاوی دادەنێ ببەستێ، ئەویش لـە پێناو بە دیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەتدا، ودوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ماف وپابەندیەکانیان لـە لایەن وەزیرەوە دیار دەکرێن.

**ماددەی حەوتەم:**

یاسای ژمارە (25)ی ساڵی 2004 یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن کە لـە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق دەرچووە ویاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 242 لـە 1999/9/4 کەلـە ئیدارەی سلێمانیەوە دەرچووە هەڵدەوەشێتەوەو ئەم یاسایە جێگەیان دەگرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنماگەلێکی دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت لـەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی دەیەم:**

لـەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە هەر لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ ولـە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلأودەکرێتەوە.

**عدنان رەشاد موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

## هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە –

بـۆ ئـەوەی باشـترین خزمـەت پێشـکەش بکرێـت بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی هـەرێم، لـەبوارەکانی نیشتەجێکردن و بینایەو ڕێگاوبان و پرد و تونێل و فڕۆکەخانە و هێلی شـەمەندەفەرداو، بـە ئامـانجی زۆرکردنی بەرهەم و زیادکردنی پێزی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی کارامـەیی و وەدیهێنـانی پربەپێستی بەکارخستن (الاستخدام الامثل) لـە داهاتی ئابووری و بەشەریداو، بـۆ ئـەوەش کـە ئەلّقـە ناپێویستەکانی نێوان وەزارەت و پێکهاتەکانی لـە وەرگرتنی بریاردا لابرێن و، پلانی کـار دابنـرێ و چاودێری بکرێ، بۆیە، ئەم یاسایە دانرا.

---

**تێبینی**: **ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان – وە لـەژمارە** (66) **ساڵی شەشەم –ی رۆژی** 2007/4/23 **رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بلاّوکراوەتەوە**